## بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی رابیتەی ئیسلامیی کورد:

# رابیتەی ئیسلامی، تا ئێستا سی هەزار نازداری کەفالەت کردووە

**ئاکۆ هۆرێنی**
**یەکگرتوو/ گەرمیان**

لقی کەرکوکی رابیتەی ئیسلامی کورد لە پاش هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢)ی هەرێمی کوردستانەوە پێکهێنرا، هاوکات لەدوای دروستکردنی ئیدارەی پارێزگای کەرکوک لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەردەوام خزمەت دەکات لە سنووری شاری دەربەندیخان و ناوچەکانی تری گەرمیان. لە ساڵی (٢٠٠٣) و پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش سنووری لقەکە زیاتر فراوان بوو.
ئێستا لقی کەرکوکی رابیتە دوو بارەگا و بەشی سەرەکی هەیە لە هەردوو شاری کەرکوك و دەربەندیخان، وێڕای ئەو دوو شارە، لقەکە سنووری فراوانە و خزمەتەکانی سەرجەم شارەکانی چەمچەماڵ و کەلار و کفری و دەوروبەریان دەگرێتەوە، هەروەها لەگەڵ ناوچە جێناکۆکەکانی سنووری سەلاحەددین و دیالە، وەك شارەکانی دووزخورماتوو و قەرەتەپە و خانەقین.
دەربارەی ئیش و کارەکان و پرۆژەکانی لقی کەرکوکی رابیتەی ئیسلامی کورد، ڕۆژنامەی یەکگرتوو دیدارێکی لەگەڵ (فایەق تۆفیق محەمەد - بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی رابیتە) سازداوە بەم جۆرە:

**یەکگرتوو: گرنگترین پرۆژەکانی رابیتە لە چیدا چڕ بووەتەوە؟**
فایەق تۆفیق: رابیتەی ئیسلامی کورد لەماوەی (٢٢) ساڵی خزمەتیدا خزمەتێکی زۆری کردووە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە پێنج بەشی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە بەشەکانی (ئاوەدانکردنەوە، چاودێری کۆمەڵایەتی کە نازداران بەشێکە تیایدا، فریاگوزاری، تەندروستی و بنکەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز).
**یەکگرتوو: ئەتوانیت چەند داتایەکمان لەسەر پرۆژەکانتان پێ بڵێیت؟**
فایەق تۆفیق: ئاوەدانکردنەوە یەکێکە لە پرۆژەکان، ژمارەی ئەو پرۆژانەی تا ئێستا جێبەجێ کراون، نزیکەی (١٠٥٠) پرۆژەی جۆراوجۆر جێبەجێ کراوە لە مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگەوبان و بیری ئاو، کە لەو هەموو پرۆژانەش نزیکەی (٢٨٦) پرۆژەی هی لقی کەرکوکی رابیتەیە لە بەشی ئاوەدانکردنەوە، کە زیاتر لە (٣٣) ملیۆن دۆلاری تێچووە.
بەشی دووەم کە چاودێری کۆمەڵایەتی و نازدارانە، سوپاس بۆ خوا بەشێکی کارایە و ژمارەیەکی زۆر نازدار دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کە تا ئێستا زیاتر لە (٣٠) هەزار منداڵ بەخێو کراوە، بەو منداڵانەیشی کە ئێستا گەورە بوون، کە (٦) هەزاری لە سنووری لقی کەرکوك بووە، بەڵام ئەوەی کە تائێستا بەردەوامە، نزیکەی (١٢) هەزار منداڵ دەبێت، کە لەو ژمارەیە نزیکەی (٢٧٠٠) منداڵی هی سنووری لقی کەرکوکە.
**یەکگرتوو: جۆری هاوکارییەکانی رابیتە چۆن؟**
فایەق تۆفیق: ئێستە ئێمە دوو جۆر هاوکاریمان هەیە، جۆری یەکەم ئەو هاوکارییانەن کە لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی دەرەوە بۆمان دێت، کە جاران زیاتر سەرچاوەی هاوکاری ئەوانە بوون، بەڵام لەدوای ساڵی (٢٠٠٨) هەستمان کرد کە هاوکارییەکان ڕوو لە کەمین، یان چەقبەستوون و زیاد ناکەن، هەروەها هەستیشمان کرد لێرە خەڵکی ناوخۆی کوردستان کەسی دەوڵەمەند و خێرخوازی زۆر تیایە، وەك یەکێك لە سیاسەتمەدارەکان ئاماژەی دابوو، تەنها لە سلێمانی (١٠٠٠) ملیاردێری تێدایە، هەروەها چەندەهای تر لە خوارووی ئەوانیشەوە، بۆیە ویستمان سوود لەم واقیعەش وەربگرین، بۆیە ڕوومان کردە خێرخوازانی ناوخۆ و و دەوڵەمەندان و بازرگانان و ئەوانەی کە ئەهلی خێرن، کە بەڕاستی ئەوانیش جوامێرانە هاتوونەتە دەممانەوە، ئێمە لە سنووری کەرکوك نزیکەی (٦٥٠) منداڵانمان هەیە، کە لەلایەن خێرخوازانی ناوخۆوە مانگانە موچەیان بۆ دابین دەکرێ، کە ئەمە لەسەروەستانی پێویستە و مایەی سوپاس و ڕێزە، کە لێرەدا پارێزگارییش لە بەشەکەی دەرەوە کراوە، واتە نزیکەی (٢) هەزار منداڵەکەی ترمان لە دەرەوە موچەیان بۆ دێت.
**یەکگرتوو: کەواتە تا ئێستاش هەر خێرخوازانی دەرەوە زیاترن؟**
فایەق تۆفیق: خێرخوازانی دەرەوە زیاترن، چونکە ئێمە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە دەستکراوە بەو کارە و پەیوەندیمان هەبووە لەگەڵ خێرخوازانی دەرەوەدا، بەڵام ئەوەی ناوخۆ ئەزموونێکی تازەیە.
**یەکگرتوو: موبەڕیری کارە خێرخوازییەکانی رابیتە چییە؟**
فایەق تۆفیق: ئێمە هەست دەکەین ژمارەیەکی زۆری منداڵی بێباوك هەیە کە هێشتا حکومەت نەیتوانیوە چارەسەی کێشەکانیان بکات، بەتایبەتی ئەوانەی کە کاتێك باوکیان مردووە وەزیفەیەکی حکومی نەبووە، ئافرەتی وا هەیە گەنجە و مەوالیدی (١٩٨٠)یە، یان منداڵترە لەوە کە مێردەکانیان بە کارەساتێك تیاچوون کە لە فەرمانگەی حکومەتدا دانەمەزراون و ئێستا چەند منداڵێکی هەیە، بۆیە بەڕاستی ئەم کارە خێرخوازییانە بەردەوام بۆ ئەم کۆمەڵگەیە پێویستە.

> ئاوەدانکردنەوە یەکێکە لە پرۆژەکان، ژمارەی ئەو پرۆژانەی تا ئێستا جێبەجێ کراون، نزیکەی (١٠٥٠) پرۆژەی جۆراوجۆر جێبەجێ کراوە لە مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگەوبان

**یەکگرتوو: چ جۆرە چالاکییەکتان ئەمڕۆ زیاتر کارایە؟**
فایەق تۆفیق: ئەمڕۆ ئەتوانم بڵێم فەعالی و کارابوونی هەر جۆرێکی چالاکی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ئەگەر سەیری بکەین بەپێی کات گۆڕاوە، کاتی وا بووە ئاوەدانکردنەوە زۆر چالاك و بەهێز بووە، بەتایبەتی لە ساڵانی نەوەدەکانەوە کە کوردستان وەزعی خراپ بوو و گوند و مزگەوتەکان ڕووخابوون، ئەو کاتە ئاوەدانکردنەوە پشکی شێری هەبوو لە ئیشوکارەکانی رابیتەدا، بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر تەماشا بکەین ئاوەدانکردنەوە تا ڕادەیەك باشە و خەڵکانێك هەن کە خزمەت دەکەن و خێرخواز زۆرن کە مزگەت دروست دەکەن، لەبەرئەوە ئەم بەشەمان کەمتر کاری هەیە لەچاو بەشی چاودێری کۆمەڵایەتیدا.
**یەکگرتوو: ئایا بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی تەنها لە نازدارانداا قەتیس دەبێت؟**
فایەق تۆفیق: ئێمە هەوڵ دەدەین کە بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی تەنها بریتی نەبێت لە نازداران، بەڵکو کەفالەتی قوتابی هەژار بکەین لەگەڵ پرۆژەی ئاو بۆ ئەو شوێنانەی کە کێشەی ئاویان هەیە، یەعنی کەسانی خێرخواز هەر جۆرە خێرێکیان هەبێت، ئەوا ئێمە ئامادەین بۆ خزمەت و بۆ سوودگەیاندن بە خەڵکی کوردستان.
**یەکگرتوو: پرۆژەی مانگی ڕەمەزانتان چییە؟**
فایەق تۆفیق: بەنیسبەت مانگی ڕەمەزانەوە کە پرۆژەکانی دەکەوێتە سەر بەشی فریاگوزاری، کە زیاتر ئیش و خزمەتەکانی لە بۆنەکاندا دەکات، وەك مانگی ڕەمەزان و جەژنی قوربان، زۆرجاریش لە کاتی کارەساتەکاندا دەبێت، واتە کارەکانی هەنووکەییە و کاتین و تایبەتن بە کارەساتێك و پاشان وردە وردە بەرەو کەمبوونەوە دەچن، بەڵام ئەوانەی کە تایبەتن بە ڕەمەزان و قوربانەوە، ئەوانە شتانی بەردەوامن، ئێستە تاڕادەیەك کارەسات لای خۆمان کەم بووەتەوە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا سوپاس بۆ خوا پرۆژە ڕەمەزانییەکانمان دەست پێکرد، کە دابەشکردنی کۆمەڵێك خواردەمەنی بووە بەسەر (١٠٠) هەژاری شاری کەرکوك و دەوروبەریدا، کە خواردەمەنیەکانیش چەندین جۆرە خواردنی بنەڕەتی ڕۆژانە بوون، وەك گۆشت و شەکر و چا و دۆشاوی تەماتە و زەیت و خورما و شەربەت، تائێستا بەردەوامین لەو خزمەتانە، ئێمە لە سەرجەم سنوورەکانی لقەکەماندا لافیتەمان نووسیوە و تیایدا داوامان لە خێرخوازان کردووە کە ئێمە لە مانگی ڕەمەزاندا ئامادەین ئەم چالاکییە ناوخۆییانە ئەنجام بدەین، هەرکەسێك ئەیەوێت کۆمەکی بکات لەو پێنج خاڵە/ یەکەم: کەفالەتی نازدار. دووەم: وەرگرتنی خواردنی وشکە. سێهەم: وەرگرتنی زەکات و سەرفیترە. چوارەم: وەرگرتنی جلوبەرگ بۆ منداڵی بێباوك. پێنجەم: هەرکەسێك ئەیەوێت بەشداری بکات بۆ خوانی بەربانگ.
**یەکگرتوو: چ دەڵێی بەرامبەر ئەو کەسانەی کە پێیان باشە تەنها خۆیان کارە خێرخوازییەکە بکەن؟**
فایەق تۆفیق: لەوە دەچێت کەسێك بڵێ من خۆم کارەکە دەکەم، بەڵام بەڕاستی ئەوەی ئێمە جیاوازە لەو کەسانە خۆیان، لەوانەیە کەسەکە لە گەڕەکێکی دیاریکراودا خێرەکە بکات، کە چەند کەسێکی تریش لە هەمان گەڕەك دەیکات، بەڵام ئێمە سنوورەکەمان فراوانە و دەزانین کە خەڵکی هەژار و موستەحەق لەکوێ هەن و کام خەڵکانە پێویستیان پێیان هەیە، کاتێك زەکات یان خواردن یان هەر خێرێکی ترمان بۆ دێت، دەچین لەو شوێنانەی خەڵك موستەحەقن دابەشی دەکەین.
**یەکگرتوو: چ میکانیزمێکتان هەیە بۆ پێداچوونەوە بە کارەکانتاندا؟**
فایەق تۆفیق: رابیتە ساڵانە کۆنگرەی هەیە، لەو کۆنگرەیەدا ئەچینەوە بە ئیشوکارەکانمان و هەڵیاندەسەنگێنین و خەلەلەکان چارە دەکەین و پاشان پلانی ساڵی داهاتوو دادەنرێت، بۆنموونە ئەمساڵ ئیشوکارەکانی رابیتە بە جۆرێك بوو کە بریتی بوو لە بەرەوپێشەوەچوونی کاروبارە خێرخوازییەکانی ناوخۆی کوردستان لەگەڵ پاراستنی دەستکەوتەکاندا، واتە ناونیشانی کۆنگرەکەی ئەمساڵ کە لە مانگی (٧)دا بوو بەناوی (نحو تطوير العمل من الداخل و حفاظ على المكتسبات) بوو.
**یەکگرتوو: ئایا زۆربوونی پرۆژەی کەسانی تر کاریگەری نییە لەسەر پرۆژەکانی ئێوە؟**
فایەق تۆفیق: هەرچەندە کەسانی خێرخواز زۆرن کە خۆیان پرۆژە دەکەن، بەڵام تا ئێستا پرۆژەکانی ئێمە نەوەستاون، بۆ نموونە لەماوی ساڵی پێشوودا چەندان بیرمان هەڵکەندووە لە شۆڕش و چەمچەماڵ و کەرکوك، هەروەها دروستکردنی مزگەوت و چالاکی تریش، سوپاس بۆ خوا هەر بەردەوام دەبین، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ زیاتر پێویستە بەڕاستی هاوکاریکردنی منداڵی نازدارانە، کە لەڕاستیدا کارەکە ئەرکی دەوڵەتە، بەڵام کاتێك دەوڵەت نایپەرژێتە سەر کارەکان، ڕێکخراوەکان بۆ ئەوە هەن کە ئەم بەشەی حکومەت تەواو بکەن، پێویستە ئەمڕۆ ئێمە گرنگی بە بواری تر بدەین، وەك لایەنەکانی هونەری و ڕۆشنبیری و خولە پێویستیەکانی گەنجان و منداڵان.
**یەکگرتوو: لە ناوچە دابڕاوەکان چیتان هەیە و چۆن کار دەکەن؟**
فایەق تۆفیق: ئێستە ئێمە لەناو کەرکوك لە بارەگا سەرەکییەکەماندا عەیادەیەکمان هەیە کە خزمەتێکی بەرچاو دەکات بە سەرجەم نەتەوەکانی ناو شاری کەرکوك بەبێ جیاوازی لەنێوان چین و نەتەوە و مەزهەبەکان، لە ناوچە دابڕاوەکانی تریش وەك جەلەولا و دووزخورماتوو و خانەقین نوێنەرمان هەیە، کە لە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەوە ڕۆژانە ئاگاداری وەزع و ژیانی خەڵکین، کە سەدان داواکاری خەڵکمان بۆ دێت، ئێمەش بەپێی توانا هەوڵ دەدەین بەدەم داواکارییەکانیانەوە بین.
**یەکگرتوو: هەندێك دەڵێن وەزعی خەڵکی کوردستان باشە، تۆ چی دەڵێی؟**
فایەق تۆفیق: من ئەڵێم وەزعی خەڵکی کوردستان گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، بەڵام زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکاندا کە ئەگوترێت وەزعی خەڵکی کوردستان باش بووە، بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا کۆمەڵێکی زۆری خەڵك ماون کە موحتاجن و لە ئاستی خوارەوەدان، لە شوێنێکی وەك لای ئێمە نەبێت، ئەو هەژارانە ناتوانن ئەوەی لە دڵیاندایە بیدرکێنن و باسی بکەن، ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر دێنە لامان و واقیعی خۆیان بێ پەردە باس دەکەن لامان، کەواتە کەسانێکی هەژار و بێباوك و نەدار هێشتا ماون کە پێویستە لایان لێ بکرێتەوە، کە ئەمانە لە ڕەچەڵەك و نەوەی خۆمانن، بۆیە پێویست دەکات خۆمان هاوکارییان بکەین، کە بەتایبەتی لە ڕێگەی خێرخوازانی ناوخۆوە ئەوە دەکرێت.
**یەکگرتوو: لە کۆتاییدا چی بە خێرخوازانی کوردستان دەڵێی؟**
فایەق تۆفیق: هەرکەسێك ئەیەوێت هاوکاری خێزانی هەژار بکات، ئەوا ئێمە سەدان ئیستیمارەی خێزانی هەژارمان لایە، کە تا ئێستا کەفالەت نەکراون و کەس بەدەمیانەوە نەهاتووە، هەروەها هەزارانی تریش ڕۆژانە سەردانمان دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە لەوە زیاتر ناتوانین و هەر ئەوەندە خێرخواز بەدەممانەوە هاتووە، بۆیە ناتوانین خێزانی تر بنووسین، مەگەر لەمەودوا کەسانی خێرخوازی زیاتر بێنە دەممانەوە، کە ئیشەڵڵا ئەم پرۆژانە هەمووی چاکەیەکن و لای خوا ون نابن.


فایەق تۆفیق محەمەد - بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی رابیتە

# "بەڵێ" بۆ چاکسازیی دەستوور..

**کارزان ئەنوەر**

کوردان پێویستە بە بەڵێ دەنگ بۆ گۆڕانکاری لە دەستوور بدەن لە تورکیا..
پارتی داد و گەشەپێدانی دەستەڵاتدار لە تورکیا خۆی بۆ گەورەترین ئەزموون ئامادە دەکات، ئەو ئەزموونەش بە لای چاودێرانەوە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر باری ناوخۆی تورکیا و دەرەوەی، ئەویش چاکسازییە لە دەستووردا، ئەو کارەی داد و گەشەپێدان لە ئێستا گەرمترین قسە و باسی ناوچەکە و تورکیایە، زۆربەی میدیاکان خۆیان سەرقاڵ کردووە بە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوی دوایین زانیاری لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە، هەستیاریی ئەم بابەتە لەوەدایە کە چاکسازی لە تورکیا هێندنە ئاسان نییە بە ئامانجی ئەوەی تائێستا لە تورکیا دادگای دەستوری و سوپای گەورە لە دەستی سیکۆلارە توندڕەوەکاندایە.
ئەوەی دەمەوێت لەم باسەدا تیشکی بخەمە سەر، ئەوەیە لەم ماوەیەدا زۆر باس لەوە دەکرێت ئایا کوردانی تورکیا گرنگە بەشداری بکەن و دەنگیان بخەنە پاڵ داد و گەشەپێدان، یان بە پێچەوانەوە بچنە پاڵ پلانی سیکۆلارەکان؟ کە خۆی لە خۆیدا چوونە پاڵ پلانی سیکۆلارەکان بەوەی دەستوور وەك خۆی بمێنێتەوە زیانی زۆر بە کوردان دەدات و مافی تەواویان پێ نادات وەك هاووڵاتیەکی ڕەسەن و خاوەن مێژوو و خاك، زیانی تری یاخیبوونی کوردان لە پرۆژەی چاکسازی دەستووردا ئەوەیە کە ئەگەر دەستوور وەك خۆی مایەوە و هیچ گۆڕانکاری تێدا نەکرا، ئەوە هەمیشە دەبێت پارتە کوردەکان ئامادە و چاوەڕوانی فەرمانی دادگای دەستووری بن بە داخستنیان، یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی ژیانی سیاسی تورکیا .
بۆیە پێویستە لەسەر کوردان بە بیرێکی تازەوە بیر بکەنەوە، ڕای خۆیان نەگۆڕن بە قسەی ئەم و ئەو، ئەگەر کوردان ئەمجارە بە ژیری بیر بکەنەوە و واز لە عەقڵیەتی کۆن بێنن، ئەوا بێگومان سەرکەوتوو دەبن، دەتوانن بە ئاسانتر داوای مافی خۆیان بکەن و بێنە سەکۆی تورکیا و بە ئازادی شایی ئازادی بکەن و سڵ لە کوشتن و داخستنی حیزبەکانیان نەکەنەوە، دەبێت کوردان ئەو کارانەشیان لەیاد بێت کە دادوگەشەپێدان لە ماوەی ڕابردوودا پێشکەش بە کوردانی کرد لە قسەکردن بە زمانی کوردی و کردنەوەی کەناڵ بە زمانی کوردی، کە کوردان هەر بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات لە تورکیا کەناڵی کوردی هەبێت و بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان بخوێنن.